# ریفراندۆم لە روانگەی هونەرمەندانەوە

میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لەبەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە کە بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ، بێگومان هونەرمەندانیش راوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە دەبێت، ژمارەیەک لە هونەرمەندان بەم شێوەیە راو سەرنجی خۆیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.



هونەرمەند حەسەن گەرمیانی:

## کێ حەزی لە سەربەخۆییە با خۆی وشیار بکاتەوە

دەمەوێ بە قسەی یەکێك لە شاعیرە کلاسیکییەکانمان دەست پێبکەم کە دەڵێ:

بەبێ قەدری بەسەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن
گوڵاڵە سوورەی ئەم خاکە خوێناوی جگەرتانە


هەموو میللەتێك هەستی هەیە، بەڵام هەست بە تەنیا بەس نییە، چونکە وشیاریش پێویستە و وشیاری میللەت سەربەخۆیی بەدەست دێنی، هەر میللەتێك وشیار بێت سەربەخۆیە و بە پێچەوانەشەوە هەر میللەتێك ناوشیار بێت بندەستە، بۆیە کێ حەزی لە بندەستییە با ناوشیار بێت و کێش حەزی لە سەربەخۆییە با خۆی وشیار بکاتەوە، بژی کوردستانن بژی میللەتی کورد، بژین ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بژین ئەو میللەتانەی کە بە ئاشکرا و بە نهێنی لەگەڵمانن،
بژی مرۆڤایەتی.



هونەرمەند بەهارحەسکۆ:

## خەونەکانمان بە سەربەخۆیی دێنەدی

کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت خەونی هەرە گەورەی ئەوەیە لە ژیانی خۆیدا دەوڵەتی کوردی ببینێت جا لە هەر پارچەیەکی وڵاتی پارچە پارچە کراومان بێت، بۆیە بە تامەزرۆییە چاوەڕوانی رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆمی باشووری کوردستان دەکەین و هیواداریـن ئەم ساڵ ببێتە ساڵی خۆشی و شادی بۆ هەمووومان و لە نزیکەوە ئەو رۆژە ببین کە کوردستانیش ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆو ئێمەش لەو ستەم و زۆرداریـیەی چەندین ساڵەی داگیرکەران رزگار بین، هیوادارم ئەو کەسانەی مافی بەشداری کردنیان هەیە لە ریفراندۆم بە خۆشی و شادییەوە لەسەر سندوقەکان ئامادە بن و بە (بەڵێ) دەنگ بدەن،
کوردانی رۆژئاوا بە گشتی وەك کوردانی هەموو پارچەکانی دیکەی وڵات زوڵم و زۆرداریـیەکی زۆریان بینیوە بۆیە بە حەسرەتەوە چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە کوردستان ئازاد بێت و ئێمەش وەکو هەموو میللەتان بە مافە رەواکانی خۆمان شاد بین، بژی کورد
بژی کوردستان.



هونەرمەندی پێشمەرگە حەسەن شەریف: **(بەلێ) بو سەربەخوییا کوردستانێ سەرکەفتنیش هـ**

ئەز وەك هونەرمەند و پێشمەرگەك ب دل و جان پێشوازێی لە ریفراندۆمێ دکەم ل روژا ٩/٢٥ داکو خەونا مە یا سەدان سالا، خەونا باب و کالا، خەونا سەرکردەیێن کورد یێن کوحەسرەت د دلێ واندا مای، خەونا شەهید و دایك و زاروکێن وانا بکەینە راستی، دەنگدان بە (بەلێ) ل دەف من بەرسڤا هەری مەزنە بو هەمی نەحەز و دوژمن و نەیارێن گەلێ کورد، بەرسڤا مەزنە ژ بو ئەنفال و کیمیا باران ژ بو مەهاباد و دێرسم، ژ بو دیاربەکر و شنگال و کۆبانێ ژ بو هەمی پارچێن کوردستانێ، ژ بو هەمی شەهیدێن کورد و کوردستانێ،ئەز هیڤیدارم ل گەلێ خو یێ هێژا کو ڤێ دەرفەتا زێڕین ژ دەست نەدەین هەروەکی چەوا مروڤی باغەك ب سالا شین کری دەما تێتە بەری، چەوا مروڤ پێشوازێی



### هونەرمەند بڵند ئیبراهیم:

## شەهیدان چاویان لە ئێمەیە بۆیە بە (بەڵێ) دەنگ بدەن

من وەکو هونەرمەندێك زۆر جار کە لە دەرەوەی وڵات بەشداریی لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکانم کردووە یەکێك لە ئاواتە هەرە گەورەکانم ئەوە بووە کە ئاڵاکەم بشەکێتەوە و بە ناوی کوردستانەوە بەشداری بکەم، شەهیدەکانمان چاویان لە ئێوەوە تاکو بزانن ئێمە چییان پێشکەش دەکەن وەك وەفایەك بۆ خوێنی ئەوان، بۆ بەرزکردنەوەی خاکی پیرۆزی کوردستان و ئاڵای کوردستان، پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان چاویان لە ئێمەیە، پێویستە ئەوان بێ ئومێدیان نەکەین، بۆیە داواکارم لە هەموو تاکێکی کوردستان کە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ روو بکەنە سندوقەکان و دەنگ بە (بەڵێ) بدەن بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

### میوزیکژەن (هەڵبەست سەلاح):

## هەموو ناخۆشییەکان بەلاوە بنێن و لە ریفراندۆم بەشدار بن

تروسکایی سەربەخۆیی ئێستا لە باشوورەوە دروست بووە بۆیە داوا لە هەموو خەڵکی کوردستان دەکەم، بەو پەڕی پەرۆشی و بە گیانی نەتەوەییەوە، بەشداربین لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆمان و دواتر بۆ سەربەخۆیی.

لە رابردوو دا کورد ئەو هەلەی بۆ نەرەخساوە، بەڵام ئێستا باشترین فرسەتە، هەم لە رووی پێگە نێودەوڵەتیەکەیەوە، هەم لەو رووەی کاتێکی زۆر گونجاوە کە ئێمەش وەکو میللەتانی تر بتوانین ئەو مافە وەربگرین، ئێمەش میللەتێکین قوربانیمان داوە.

بە هیوای ئەوەم کە ریفراندۆم ببێتە خاڵێك ئاشتەوایی نیشتمانی دەستەبەر بکات، و هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بتوانن یەك دەنگ یەك هەڵوێست لە سەرووی بەرژەوەندی حزبی و تاکەکەسی، یەك لایەنە لەو بابەتە بروانن، بەو ئاراستەیە بەشداری بکەین و هەموو خەم و هەموو ناخۆشیەکان بەلاوە بنێین، بتوانین رۆحی شەهیدانمان ئاسوودە بکەین و نیشانی دۆست و نەیاران و هەموو جیهانی بدەین، ئێمە میللەتێکی یەکگرتووین، سەرباری ئەو قەیران و ناخۆشی و نەهامەتیانە، بەڵام ئامادەییمان تێدایە بۆ سەربەخۆیی، چونکە مافێکی رەوای خۆمانە.

## ــــــــەر بو ملەتێ مەیە

ل بەرێ وی نەکەت، بەرێ وی ژی خوینا شەهیدا و خەبات و رەنجا پێشمەرگا و سەرکردێن مە یێن مەزنە، دڤێت ئەم دویر لە کێم و کاسیا و گلەییا و بەرژەوەندێین خو ئەم ڤی بابەتی ببینین، چونکە دەستکەفتەکا مەزنە بو کورد و کوردستانێ و چەکێ هەری مەزنە ژ بو پاراستنا کوردستانێ، ئەز هیڤی دکەم لە هەمی جەماوەرێ کوردستانێ کو ڤێ خەونا هەری مەزنا کوردستانێیە و هەمی ئالێن کوردستانێ خەباتا بو سەربەخوییا کوردستانێ کریە کو ئەڤە ب شەرفتر و روومەتترە ل هەر تشتەکێ دی لەورا پێتڤییە ئەم هەمی د وێ روژێدا بێژین (بەلێ) بو سەربەخوییا کوردستانێ سەرکەفتنیش هەر بو ملەتێ مەیە.



ناجی سەلیمی:

# دەمەوێت لە ڕێگەی فیلمەکانمەوە ئازاری نەتەوەکەم بە گەلانی دنیا ئاشنا بکەم

**ئەگەرچی بەرهەمهێنانی فیلم و کارکردن بۆ ئەلبوومێکی گۆرانی ئێستا سەختە، بەڵام دیارە هونەرمەندانی بڕیاریانداوە کە لە پڕۆژە و داهێنانی خۆیاندا نەوەستن، (ناجی سەلیمی) سەرەتا وەک سینەماکارێک هاتە نێو بواری هونەری و لەبەر خۆماندووکردنی هەر زوو بە فیلمە کورتەکانی توانی بوونی خۆی وەک سینەماکارێک بسەلمێنێت، لەبەر ئەوەی فیلمەکانی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگە بوون و ڕاستگۆیانە ئەو خەمەی لە ناخی هەر تاکێک هەبوو نیشان بدات، وەک خۆی بگوازێتەوە. لەم دیمانەیەشدا وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** چۆن بوو رووت لە بواری هونەر کرد؟**

- گوێچەکەم بە گۆرانیەکانی هایدە و مامڵێ کرایەوە و خۆشەویستی ئەوانیش پەلکێشی کردم بۆ سەرتەختی شانۆ و کە گوێشم لەو دەنگە رەسەنانە دەبێت ناخم بە تەواوەتی ئارام دەبێتەوە. لە دەسپێکی کارە هونەرییەکانم ٢ گۆرانی هونەرمەندی نەمر مامۆستا (محەمەد مامڵێ)م هۆنیەوە، یەکێك لە بەرهەمەکانی ئەویش کە ناوی (دەسماڵێ دەسماڵێ) بوو، منی وەك کچە هونەرمەندێکی رۆژهەڵات لە بۆکان و شارەکەی (حەسەن زیرەك)دا ناساند.یەکەم ئەلبوومیشم ٦ تراکی لەخۆوە گرتبوو، ٢ گۆرانی فارسی و چوار گۆرانی کوردیش بە ناوەکانی (دەسماڵێ دەسماڵێ، دەنگی هەناسەکەت، ساقیا، بێ قەرار، شیوەن، چون میروی) ئەو ئەلبوومەش دیارە رەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە نێو جەماوەر و عاشقانی موزیك و گۆرانی، وای لێکردم کە پەرە بە هونەرەکەم بدەم.

*** بە کام هونەرمەند زۆر سەرسامیت؟**

- بێگومان، عاشقم بە دەنگی مامۆستا (حەسەن زیرەك)، کە قوتابخانەیەك بۆ هونەری گۆرانی رەسەن و تا هونەری کوردیش مابێت وەك ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەمێنێتەوە. گۆرانی و موزیك لای من مانای ئەوە دەبەخشێت، کە هێشتا ژیان زیندووە و بەبێ هونەر و گۆرانی و موزیکیش هەڵناکەم و هەمیشەش لەبەر خۆمەوە گۆرانی دەڵێم. یان کە گوێم لە گۆرانیەك یاخود پارچە موزیکێك دەبێت بەزوویی هەست بە ئارام بوونەوەی ناخم دەکەم، ئەگەر گۆرانی و موزیکیش لە ژیاندا نەبووایە پێموایە ژیان هیچ مانایەکی ئەوتۆی بۆ نەدەمایەوە.

*** تا چەند گرنگە هونەرمەند شارەزایی لە موزیکدا هەبیت؟**

- من زۆر بە ئامێری ڤیۆلۆن دڵخۆشم و شارەزاییەکی زۆریشم لەو ئالەتە موزیکییەدا هەیە، چونکە پێموایە زور باشە شارەزا بیت و زۆر باشتر نۆتەکان دەناسێت، بەڵام ئەگەر شارەزاییشی نەبێت مانای ئەوە نییە کە ناتوانێت گۆرانی بڵێت یاخود گۆرانیبێژێکی باش نابێت، زۆر کەس هەن هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە موزیك نییە، بەڵام بە باشترین گۆرانیبێژەکان دەناسرێن و ئەژمار دەکرێن.

*** جگە لە گۆرانی شارەزاییت لە سینەماشدا هەیە و چەندین جار سەردانی هەرێمی کوردستانت کردووە، چۆن بوو لە هەردوو بواردا کاری هونەری ئەنجام دەدەی؟**

- بەر لەوەی ببم بە گۆرانیبێژ کاری دەرهێنانم بۆ بەرهەمە سینەماییەکان دەکرد لە رێگەی کۆمپانیاکەمەوە کە هەر بە ناوی (ناجی)یە و خۆشم وەك دەرهێنەرێکی سینەمایی تا ئێستا ئامادەی چەندین فیستیڤاڵ بوومە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، چونکە دەمەوێت سوود لە چیرۆك و کارە هونەرییەکانی ئەوانیشدا ببینم و بەراوردێك لە نێوان سینەمای رۆژهەڵات و باشووردا بکەم.

زۆر لە هاورێیانم هانیاندام بۆ ئەوەی لە بواری گۆرانی وتنیش خۆم تاقی بکەمەوە، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە خۆشەویستی من گۆرانی وایکرد، روو لە سینەما بکەم، لە بواری سینەما زۆرم کار کرد، بەم دواییەش دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتۆتە پێش کە گۆرانی بڵێم کە خەونێکە منداڵیمە و زۆریش خۆشحاڵم کە سینەماکار و گۆرانیبێژ بم لە یەك کاتدا و لەو بڕوایەدا نیم کە هیچ یەکێك لەم دوو بوارە کاریگەریان بەسەر ئەویتردا هەبێت، هیوادارم لە گۆرانی وتنیشدا بتوانم خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم.

*** بە حوکمی ئەوەی شارەزای بواری سینەمای پێتوایە بۆچی دەرهێنەرانی کورد پشت بە چیرۆکە کۆمەڵایەتیەکان دەبەستن؟**

- کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا خاوەن چەند چیرۆکی پڕ لە تراژیدییە و تووشی چەندین کارەسات و زوڵم و تاوان و کۆمەڵکوژی بووەتەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ئازارەکانمان بە جیهان ئاشنا بکەین دەبێت ئەو چیرۆکانە بکەین بە هەوێنی بەرهەمە سینەماییەکان، وڵاتانی دنیاش بە ئازار و ئەشکەنجەدانی میللەتەکەمان ئاشنا بکەین، پەیامی من لە رێگای سینەمادا ئەوەیە کە ژیان و خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەگەڵ لایەنە باشەکانی ئەم کۆمەڵگەیە نیشان بدەم بە شێوەیەکی گشتی و لەنێو ئەمانەشدا بەشێوەیەکی تایبەت واقعی ژیانی ئافرەتانی کورد نیشان بدەم. من پێموایە سینەما یەکێکە لە هونەرە جوان و سەرنجڕاکێشەکان لە جیهاندا و گرنگی و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا هەیە، خۆشەویستیم بۆ سینەما و کاری سینەما هەبوو و هەمیشە هەوڵمداوە تەنیا وەك چاودێرێك لە دوورە لە سینەما نەڕوانم، بەڵکو هەر حەزم کردووە منیش بەشداریم هەبێت لە سینەمای کوردی،

**• لە گۆرانی و فیلمدا لە کام بواردا زیاتر خۆت دەبینییەوە؟**

- لە هەردوو بواردا هەست بە ئاسوودەییەکی زۆر دەکەم، دەکرێ وا پێناسەی بکەم کە چۆن دایك لە نێوان دوو منداڵدا ناتوانێت جیاوازی لە خۆشەویستییان بکات، منیش بۆ ئەو بوارانە هیچ جیاوازییەك ناکەم، چونکە تەنیا شت کە منی هێشتووەتەوە لە ژیان گۆرانی و موزیك و فیلمە.





## کامیرۆن دایاز : دایکایەتی ئەرکێکی زەحمەتە

زۆر لە ئەکتەرە جیهانییەکان لە دایکایەتی بێبەشن، هەندێکیان پێیانوایە تەمەن ڕێگرە و ئیدی فریای شەمەندەفەرەکە ناکەون و لێی بەجێماون، هەندێکی دیکەشیان کە دەتوانن شەمەندەفەرەکە بکەون، بەڵام حەز لە ژیانێکی ئازاد و بێ لە بەرپرسیارییەتی دەکەن، لە هەردوو حاڵەتیشدا بێبەش بوون لە دایکایەتی و پەشیمانیش نین.

ئۆپێرا وینفری کە تا ئێستا شووی نەکردووە هەرچەندە لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ بیزنسمانێك لە ساڵی ١٩٨٦ەوە، بەڵام ڕایگەیاندووە کە پەشیمان نییە لەوەی کە تا ئێستا دایك نەبووە، چونکە ناتوانێت کاتی خۆی لە نێوان کاروباری خێزانی و کاری ڕاگەیاندن ڕێك بخات و پێی وایە ئەگەر منداڵی هەبێت ڕقیان لێی دەبێتەوە.

هەروەها کامیرۆن دیازی ئەستێرەی سینەمایی کە تەمەنی ٤٠ ساڵی تێپەڕاندووە پێشتر سەبارەت بە دایکایەتی دەیگوت: من هیچ کاتێك نیازم نەبووە منداڵم هەبێت و بیرم لەوە نەکردۆتەوە کە خۆم بە دایك ببینم، پێموایە ئافرەت لە تەمەنی ٤٠ ساڵی بە تەواوی پێدەگات بە جۆرێك کە گرنگی بە ڕای پیاوان نادەن، کامیرۆن زیاتر دەڵێ: دایکایەتی بەرپرسیاریەتییەکی زۆر زەحمەتە بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بی، بۆ من نەبوونی منداڵ ژیان ئاسان دەکات و هیچ کاتێك نەمویستووە کە ببم بە دایك، بەڵام دوور نییە ببم بە دایك، لەلایەکی دیکەوە جنیفەر ئەنیستۆن کە ئەویش منداڵی نییە دەڵێ: بیرم لە دایکایەتی کردۆتەوە، بەڵام هونەر ئەو دەرفەتەی پێنەدام و لەو خەونەی دوورخستمەوە و ئێستاش بە تەواوی بیری لێدەکەمەوە و دوور نییە هەوڵیشی بۆ بدەم.



ریبیکا:

## هەموو ئەکتەرێک خەون بەوەوە دەبینێت لەگەڵ کرۆز کار بکات

# تەنیایی چێژی بۆ هەندێک هونەرمەند هەیە

زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە هونەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەندان نەتوانن بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بکەنەوە بەتایبەتی ئافرەتەکان جا گۆرانیب□ژ بن یان ئەکتەر زۆریان فریای شەمەندەفەری ژیان ناکەون و لە کۆتاییشدا بە تەنیایی دەمێننەوە تا سەر دەنوێننەوە لەم بارەیەوەش نموونە زۆرە کە نەبەستراوەتەوە بە نەتەوەیەك یان میللەتێکی دیاریکراو بەڵکو لە هەموو نەتەوەکاندا ئەمە بە دی دەکرێت.

سۆنام کاپوریی ئەستێرەی بۆلیۆودیش یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە لە ئێستادا بیرۆکەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری ڕەت دەکاتەوە و بە قسەی خۆی بیریشی لێ ناکاتەوە لەم بارەیەوەی سۆنام دەڵێ: من زۆرم لا سەیرە هێشتا تەمەنم تەنیا ٣٠ ساڵە، کەچی هەر کەسێك بیناسم ببینم پێم دەڵێ بۆ شوت نەکردووە و وبۆ شو ناکەی نازانم چۆن وەڵامیان بدەمەوە، بەڵام دەمەوێ بە هەموویان بڵێم بەتایبەتی کەسوکاری خۆم، هەرچەندە پێکهێنانی ژیانی هاوسەری بۆ هەر کەسێك یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیان، بەڵام من تا ئێستا هیچ پلانێکی لەو جۆرەم نییە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و خێزان و پەروەردە کردنی منداڵ ئەنجامدانی کاری ماڵ، سۆنام زیاتر لەم بارەیەوە دەڵێ: ئێستا هەست ناکەم کاتی من گونجاو بێت بۆ ژیانی هاوسەریتی، چونکە ئێستا تەواوی ژیانی خۆم بۆ هونەر تەرخان کردووە و هەر کاتێك زانیم کات گونجاوە ئەو کات بە ئاشکرا رایدەگەیەنم.



یەکێك لەو فیلمانەی ساڵی رابردوو کە سەرکەوتنێکی زۆری بە دەستهێنا لە رووی جەماوەری و داراییەوە فیلمی (Mission Impossible: Rogue Nation) کە دوایین بەشی ئەم زنجیرە فیلمانەیە و تۆم کرۆز رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت، لەم بەشە نوێیەدا خانمە ئەکتەری سویدی ریبیکا فێرگسۆن رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینێت شان بە شانی کرۆز.

دوای ئەو سەرکەوتنەی فیلمەکە بە دەستیهێنا ریبیکا فێرگسۆن کە بۆ یەکەمجارە رۆڵی ئەکشن دەبینێت ستایشی تیمی فیلمەکە بە گشتی و تۆم کرۆز بەتایبەتی کرد و وتی: هەر ئەکتەرێك خەون بەوەوە دەبینێت شان بە شانی کرۆز بەشداری بکات بۆ منیش مایەی شانازییە بەتایبەتی دوای ئەو سەرکەوتنەی فیلمەکە بەدەستی هێنا، هەرچەندە من زوو دڵنیا بووم لە سەرکەوتنی فیلمەکە، چونکە بەشەکانی دیکەی فیلمەکەش بە هەمان شێوە سەرکەوتوو بوون.

هەر سەبارەت بە فیلمەکە ریبیکا کە پاڵێوراوە بۆ بە دەستهێنانی خەڵاتی گۆڵدن کلوب دەڵێ: ئەم فیلمە و هاندانی تۆم کرۆز دەرگای زۆری بۆ کردمەوە بۆ ئەوەی بیر لە فیلمی دیکەی ئەکشن بکەمەوە، چونکە چەندین فیلمی دیکەم پێشکەش کراوە لەوانەش (The Girl on the Train) و گفتوگۆکانمان هەنگاوی زۆری بریوە لەگەڵ تاتی تایلۆری دەرهێنەری فیلمەکە.

شایەنی باسە دوایین فیلمی تۆم کرۆز سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە و توانیویەتی تا ئێستا زیاتر لە نیو ملیار دۆلار کۆ بکاتەوە و بینەر و رەخنەگران پێشوازییەکی گەرم و بێ وێنەیان لە فیلمەکە کرد.